# FAMIS: بەرنامەی بیمەی تەندروستی بۆ منداڵانی ڤیرجینیا

## پاراستنێک کە منداڵەکانتان شیاوی ئەون بە تێچوویەک کە بۆتان گونجاو بێت

### 1. FAMIS و FAMIS Plus چییە؟

**FAMIS** بەرنامەیەکی بیمەی تەندروستییە بۆ منداڵان لە ڤیرجینیا. توانای دەستپێگەیشتنی خزمەتگوزاری تەندروستی بە کوالیتی باش بۆ ئەو منداڵانەی کە بیمەی تەندروستیان نییە دەڕەخسێنێت.

**FAMIS Plus** ناوی Medicaid بۆ منداڵانە لە ڤیرجینیا. **FAMIS Plus** هەروەها یارمەتی زۆر باشی پێشکەش کردووە و منداڵانی خێزانی کەم داهات یان بێ داهات دەگرێتەوە، تەنانەت ئەگەر ئەم منداڵە لەژێر بیمەی تەندروستیش دابێت.

کاتێک داوای کەوتنە ناو ئەم بەرنامەیە دەکەیت، منداڵەکانیشت بۆ **FAMIS** و هەم **FAMIS Plus** لەبەرچاو دەگیردرێن.

### 2. چ شتهایەک دادەگرێت؟

**FAMIS** و **FAMIS Plus** منداڵەکانت دادەگرێت لە بارودۆخەکانی خوارەوەدا:

سەردانی پزیشک

- چاودێری نەخۆشخانەیی و فریاگوزاری
- پشکنین بۆ تەندروستی منداڵ و تەندروستی منداڵی ساوا
- دەرزیلێدان
- ڕەچەتەی پزیشکی
- تاقیکاری(فحص) و تیشکی ئیکس
- بینایی و چاودێری ددان
- چاودێری تەندروستی دەروونی
- و هتد

**FAMIS** یا **FAMIS Plus** هیچ تێچوویەکی مانگانە یان ساڵانەی نییە بۆ خێزانی تۆ. تەنیا سەبارەت بە منداڵانی تۆمارکراو لە **FAMIS** پشکی بیمەکراوی کەم (2 تا 5 دۆلار) بۆ هەندێ چاودێری تەندروستی وەردەگیرێت.

FAMIS
Covering Children With Affordable Health Insurance

### 3. ئەو مەرجانە چ کەسێک دەگرێتەوە؟

**FAMIS** یا **FAMIS Plus** ئەو منداڵانە دەگرێتەوە کە:

- لە ڤیرجینیا بژین
- کەمتر لە 19 ساڵ تەمەنیان بێت
- ڕەگەزنامەی وڵاتە یەکگرتووەکانیان هەبێت (هەندێ لە کەسانێک کە هاووڵاتیش نین ئەم مەرجانە دەیانگرێتەوە). هاووڵاتی بوونی باوان(دایک و باوک) لەبەرچاو ناگیردرێت.
- هەندێ پێوەرەکانی داهات دەستەبەر بکەن (لە خوارە سەیری بکە)

**سنووری داهاتی FAMIS (تێکڕا)***

| ژمارەی ئەندامانی خێزان | مانگانە | ساڵانە |
|---|---|---|
| 1 | 2,201 دۆلا | 26,404 دۆلا |
| 2 | 2,976 دۆلا | 35,711 دۆلا |
| 3 | 3,752 دۆلا | 45,018 دۆلا |
| 4 | 4,528 دۆلا | 54,325 دۆلا |
| 5 | $5,303 دۆلا | 63,632 دۆلا |

*ڕێکەوتی کارپیکردن13 ی ژەنیوەر(کانوونی دووەم)ی 2021 سنووری داهات لە هەر ساڵدا نوێدەکرێتەوە. بۆ بەدەستهێنانی ڕێنمایی زیاتر پەیوەندی بکە.

خێزانی ئەو کۆچبەرانەی کە منداڵەکانیان تۆمار کراون تێچوونەکانی گشتی ناگرێتەوە. وەرگرتنی **FAMIS** یا **FAMIS Plus** کاریگەری نابێت لەسەر توانایی خێزانەکان بۆ بەدەستهێنانی ڕەگەزنامەی وڵاتە یەکگرتووەکان.

### 4. چۆن دەتوانم داواکاری پێشکەش بکەم؟

داواکاری بۆ **FAMIS** و **FAMIS Plus** ئاسانە. تەنیا پێویستە کە لەڕێگەی ژمارە تەلەفۆنی خۆڕایی 1-855-242-8282 پەیوەندی بکەیت. وەرگێڕ لەبەردەستە. فێرمانبەرانی ئێمە، پەیوەندی تۆ لەگەڵ کەسێک دەستەبەر دەکەن کە بە زمانێک کە تۆ بەباشی دەزانیت قسە بکات.

یان بڕۆ بۆ ناو commonhelp.virginia.gov تا بەشێوەی سەرهێڵ(ئۆنلاین) داواکاری پێشکەش بکەیت.
هەروەها دەتوانی لە ڕێکخراوەی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی ناوچەی خۆتیش داواکاری پێشکەش بکەیت.

بۆ بینینی لیستەی بەڵگەی پێویست لە کاتی پێشکەشکردنی داواکاری، سەردانی www.coverva.org بکە و لەسەر لاپەڕەی داواکاری کلیک بکە. ئەگەر منداڵەکانت ڕەگەزنامەی وڵاتە یەکگرتووەکانی هەیە، داوات لێدەکرێت کە ژمارەی سوشیال سکیوریتی(Social Security) منداڵەکەت لە پرۆگرامی داواکارییەکەدا بهێنیت.